کەرکوک لەنێوان خواستی عەرەبی فراوانخوازو کوردی بێ بەرنامەدا

دۆزینەوەی نەوت لە بابەگورگور سەرنجی ئینگلیزو نەتەوەکانی دیکەی بەلای کەرکوک راکێشا،بەڵام کێشەکە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە رژێمی بەغداد هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگاکەی دا، ئیدی لەوکاتەوە تا ئدۆزینەوەی نەوت لە بابەگورگور سەرنجی ئینگلیزو نەتەوەکانی دیکەی بەلای کەرکوک راکێشا،بەڵام کێشەکە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە رژێمی بەغداد هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگاکەی دا، ئیدی لەوکاتەوە تا ئستا هەموو دانوستاندن و وتوویژەکانی نێوان بزاڤی رزگاریخوازی باشووری کوردستان و حکومەتی بەغداد لەسەر کەرکوک ناکام ماونەتەوە. حکومەتی بەغداد رەگەزپەرستانە چاوی تێبڕێوەو لە لۆژیکی هێزەوە رەفتاری دەگەڵ دا کردووە، کوردیش ئەو توانایەی نەبووە بە هێز ئازادی بکات. راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ جۆش و خرۆشێکی دیکەی بە کێشەی کەرکوک بەخشی، کوردستانیبوونی شارەکەی سەرڕاست کردەوە، بەڵام مخابن سیاسەتی ئەو کاتی ئەمریکاو زلهێزان ئاوەژوو بۆوەو بەلای رژێمی بەعس داشکایەوەو کەرکوک داگیرکرایەوە. بەوهۆیەشەوە رژێمی بەعس بە زمانی هێز درێژەی بە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەرەی کوردستانی دا، دواتریش پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندی بەغداد بووەو کەرکوکی لە کوردستان دوورخستۆتەوە. تەنیا ئەو کاتە لۆژیکی هێز لەبەرژەوەندی کوردستانیان دابووە کە هێزی هاوپەیمانان هاتە نێو خاکی عێراق و رژێمی سەدامی رووخاند و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەرکوکیان کۆنترۆڵ کرد، بەڵام بەراگێڕی یارییێکی دۆراو کراو هێزی پێشمەرگەی لێ کشایەوە. ئەو کات لۆژیکی هێز لە تای تەرازوی کورد دابوو، گێڕانەوەی کەرکوکی مسۆگەر کردبوو، مخابن کورتبینی ئەو دەرفەتە زێڕێنەی لە دەست بردین. ئێستا گرەو لەسەرر هێزی لۆژیک دەکرێ، باوەڕیش ناکرێ سەرکردایەتی کورد لەو گرەوەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەگەر لە دوای کێشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە ئازاری ٢٠٠٣ تا ئێستا گرەو لەسەر هێزی لۆژیک کرابێ، دەبێ راشکاوانە بڵێین کە بەداخەوە کورد هەردوکیانی دۆڕاندووە، لەیەکەمیاندا خۆشباوەڕانە داوای ئەمریکای جێبەجێکردو هێزی پێشمەرگەی لە کەرکوک کێشایەوە، لە دووەمیشدا لەخۆبایی و سەرگەرمانە رەفتاری لەگەڵ شیعەو سوونەکاندا کرد، بەبیانۆی ئەوەی کە داخوازیەکانی کورد لە دەستوور جێگیر کراوە و گەرەنتی لە ماددەی ١٤٠ دا بەرجەستە کراوە،بەزۆرەکی خەڵک رەوانەی سەر سەندوقەکانی دەنگدان کران، دواتریش کێبەرکێکردن لەسەر دەستکەوتی کەسێتی و گەورەکردنەوەی بەرژەوەندی حزبی هەموو هیواکانی لە تەرازووی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستەکان دانا، سەرەنجامیش لە خاپاندنێکی کەموێنەداو لە کاتی هاتنەدەرەوەی نوێنەرانی هەردوو لیستی هاوپەیمانی و یەکگرتوو، مادەی ٢٤ دەنگی بۆ درا و چارەنووسی کەرکوک بەرەو نادیاری شۆڕکرایەوە.

لەوەتەی ململانێ لەسەر پارێزگای کەرکوک دەستی پێکردووە، لەوەتەی کێشەیەک بەناوی کەرکوکەوە پەیدابووە، عەرەب فراوانخوازانە پێداگری کردووە و هەوڵی بەعەرەبکردنی داوە، کوردیش چاوی لە سۆز و هاوکاری نێودەوڵەتی بڕێوە، لەپەنای ئەجێندای پارانەوەو بەزەیی پێهاتنەوەدا خۆی شاردۆتەوە، بێگومان ئەو سیاسەتەش سەری لە ناکامی دەرهێناوە.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەگەر لە هێزی لۆژیک کەمدەست و کورتبین بوون، دەبوایە لە لۆژیکی هێزدا لێهاتووانە درێژەیان بە یاریەکە بدابووایە، لە دوای رووخانی سەدام دەتوانرا زۆر لیزانانە کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک و قوڵکردنەوەی برایەتی نەتەوەکان بکرابووایە. راستە کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگێڕدرابۆوەو دەبوایە حکومەتی ناوەند بودجەی بۆ تەرخان بکردبوایە، بەڵام سەرکردایەتی کوردستان دەیتوانی بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکات و پرۆژەکانی خزمەتگوزاری پێ رایی بکردبا، بەڵام حزب حزبێنەو هەوڵدان بۆ گەورەکردنەوەی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی ئەوەی لە دەست دایە. ئەگەر کورد بودجەشی بۆ پارێزگای کەرکوک تەرخان نەکردبوایە، بەڵام لەناو شاری کەرکوکدا هەوڵی قوڵکردنەوەی پێوەندی نێوان نەتەوەکانی بدابوایە، زوو دانیشتنی لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەکاندا بکردبایەو بانگی پیرمام و قەڵاچوالانی بکردبان و رێزی لێبگرتبان و دیاری پێشکەش بکردبان، ئەو کات بە خشکەیی تای تەرازووی هێزی جەماوەری شارەکە بەلای کوردستان دەشکایەوە.

ئەو پارەوپوولەی کە سەرکردایەتی کوردستان لە سەرکردەی هێزە عەرەبیەکان و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق بەفیڕۆی دا، ئەگەر بۆ راکێشانی سەرنجی تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشوری سەرف بکرابوایە، بەرهەمی زۆرتری دەبوو، باشتر خزمەتی بە کێشەی کەرکوک دەکرد.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە نێو شارەکاندا ڤێللاو شوێنی حەوانەوەی بۆ سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و ئەندام پەرلەمانەکان و سەرکردەی حزبە عەرەبیەکان دابین کردبوو، پێیوابوو کە ئەوان بەدنمەک نابن و لانی کەم بە ویژدانەوە دەنگ بۆ کێشەی کەرکوک دەدەن، بەڵام ٢٢ی تەمووز ئەو ئاواتەی لە گۆڕناو ئاشکرای کرد کە تێکڕای عەرەب لەبەرانبەر کێشەی بە عەرەبکردنی کەرکوک هاوڕان و فراوانخوازنە بیر دەکەنەوەو رەگەزپەرستانەش رەفتار دەکەن. تەنانەت کەسێکی وەکو ئیبراهیم جەعفەری کە دوای دوورخستنەوەیشی لە دەستەڵات، چەندین جار بانگهێشتی کوردستان کراوەو لەلایەن کوردەوە فەرشی سووری بۆ راخراوە، کەچی ئێستا جەخت لەسەر کەرکوک دەکاتەوەو رادەگەیەنی کە نابێ بۆ لایەنێکی دیاریکراو بێ. بەوهۆیەشەوە بۆمان دەردەکەوی کە لە هەردوو یاریەکەدا بە دەستی بەتاڵ هاتووینەتە دەرێ. ئێستا ئەوەی بتوانێ فریامان بکەوێ تەنیا هێزی جەماوەری پارێزگای کەرکوکە. هێزەی جەماوەری کەرکوک دواین کارت و بەهێزترین کارتی گوشاری کوردە ئەگەر ئەویش قوربانی تەسکی حزبایەتی نەکرێ و بە دەستی کورد خۆیەوە نەختکێندرێ.

رێپێوانەکانی جەماوەری کەرکوک و شارەکانی دیکەی کوردستان کاریگەری خۆیان لەسەر کێشەی کەرکوک دادەنێن، بەڵام ئێستا چارەسەری کێشەی کەرکوک لە دەستی جەماوەری پارێزگاکە چڕبۆتەوە، ئەگەر هاوچەخانەو سەردەمیانە دەکاربکرێ، بەرهەمی ئەرێنی دەبێ و کۆتایی بەکێشەکە دەهێنێ و ئارامی بۆ پارێزگاکە دەگێڕێتەوە.

ئەگەر ئێستا کێشەی کەرکوک رادەستی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، بەڵام عەرەب واز لە فراوانخوازی و تەعریبکردنی پارێزگاکە ناهێنێ، مخابن تا هەنووکەش بەرنامەی کورد روون و ئاشکرا نیە. کورد لەجیاتی ئەوەی هەوڵی گێڕانەوەی سەرجەم ئەو ئاوارەو دەرکراوانە بدات کە رژێمی بەعس بەمەبەستی بەعەرەبکردنی پارێزگاکە ئەنجامی دابوو، کەچی پێداگری لەسەر بە پارێزگاکردنی گەرمیان دەکات. ئەگەر بەر لە چارەسەرکردنی کێشەی پارێزگای کەرکوک، ناوچەی گەرمیان بکرێ بە پارێزگا، گورزێکی کاریگەر لە کوردستانیبوونی کەرکوک دەدات، خۆی لە خۆیدا تای تەرازووی هێز بەلای عەرەبی فراوانخوازندا دەشکێتەوە.

نابێ رەشبینانە لە کێشەی کەرکوک بڕوانین، چونکە هەم کەرکوک کورستانیەو کەسێک ناتوانێ ناسنامەکەی لێبسێنێتەوە، هەمیش هێشتا دەرفەتی دیکە لەبەردەم کورددا ماوەتەوە. سەرکردایەتی کوردستان دەتوانێ بەرنامەیەکی تۆکمە دابڕێژێ، سەرنجی تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشووری کەرکوک بەلای خۆیەوە رابکێشێ، بەتایبەتیش ئەگەر راستەوخۆ دانوستاندن لەگەڵ نوێنەرانی ئەواندا بکات و بەڵێنی ئەوەیان پێبدات کە پشکی ئەوان لەنێو پەرلەمانی کوردستاندا مسۆگەر بکرێ.

راستییێکی حاشا هەڵنەگرە کە ئێستا کوردو عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوری لە پارێزگای کەرکوک دا دەژین، ئەمەش وادەخوازێ کە شارستانیانە رەفتار لەگەڵ رەوشەکە بکرێ، ماف و ئازادیەکانی نەتەوەکانی دیکە گەرەنتی و مسۆگەر بکرێ، دەرفەتی ئەوە بڕەخسێندرێ تا لە بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستاندا رۆڵی کاریگەر بگێڕن.

لە باشووری کوردستاندا، بەتایبەتیش لە پارێزگای کەرکوک دا، دەبێ باس لە کوردستانی بوون بکرێ، لەو روانگەیەشەوە زۆر ئاساییە ئەگەر تورکمان یان عەرەب یان کلدان و ئاشووری پۆستی بەرپرسیارێتی گەورە وەربگرن. لە زۆربەی وڵاتاندا مەرجی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی بە تواناو لێهاتوویی بەستراوەتەوە، لێرەشدا زۆر ئاسایی دەبێ کە ئەگەر کەسێکی غەیرە کورد لە هەرێمی کوردستان بالاترین بەرپرسیارێتی پێبسپێردرێ. بەتایبەتیش ئێستا دەبینین وێڕای ئەوەی کە رێژەی عەرەب لە عێراق لە رێژەی کورد زۆرترە، بەڵام رێزدار مام جەلال تاڵەبانی پۆستی سەرکۆماری وەرگرتووە، جێگری سەرۆکوەزیران و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش کوردن، هەر بەو شێوەیەش دەکرێ لە هەرێمی کوردستاندا کەسێکی غەیرە کورد پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان یان ئەنجوومەنی وەزیران وەربگرێ، دەبێ ئامادەباشی بۆ ئەو ئەگەرەش بکەین.

ململانێ لەسەر کەرکوک لەنێوان عەرەب و کورد دایە، بەڵام وڵاتانی عەرەبی و تورکیاش لاگیری لە عەرەب دەکەن، بەوهۆیەشەوە ئەگەر کێشەکە بەنێو دەوڵەتی بکرێ، بەلای عەرەبدا دەشکێتەوە، بۆیە ئەگەر کورد بەرنامەی خۆی لەبەرانبەر کەرکوک و کەرکوکیەکاندا بگۆڕێ، ئەگەر کوردبوون نەکات بە پێوەری وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی هەرێم، لە کێشەی کەرکوک دا سەرکەوتوو دەبێ، خەون و ئارەزووی فراوانخوازان پوچەڵ دەبێتەوە.

کات کوشتن و دەرفەت لەبار بردن لە بەرژەوەندی کوردستان دانیە، هێندەی حکومەتی ناوەندی بەهێز بێتەوەو بۆسەر شانۆی نێودەوڵەتی بگەڕێتەوە، هێندە کێشەی کەرکوک ئاڵۆزو ترسناکتر دەبێ، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرنامەیەکی نیشتمانی بەرفراوان دابڕێژێ و راشکاوانە لەگەڵ تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشووریەکان دانوستان بکات، لە گێڕانەوەی کەرکوک دڵنیایان پێبدات و پۆستە سەروەریەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان نەتەوەکاندا دابەش بکات.

نەتەوەی کورد ئەگەر ئازادی و رزگاری و بەختەوەری کوردستانی دەوێ، گەرەکە دۆستایەتی نەتەوەکانی دیکەی ناو کوردستان پەسند بکات، وەکهەڤی بۆ هەمووان مسۆگەر بکات، بە دەستوور هەمووان لە ئەرک و مافدا یەکسان بکات.

هاشم عەبدوڵڵا محێدین

hashm_abdulla@hotmail.com

لە شەڕێکی ساردی دیکەدا، کورد دەتوانی ئەزموونی ئۆسیتا دووپات بکاتەوە

دەکرێ بڵێین کە شەری سارد لە نێوان ئەمریکا و روسیا لە زۆر بواردا دەستی پێکردۆتەوە، بەتایبەتیش کە ئەمریکا شۆڵی لێهەڵماڵیوەو دەیەوێ گورجستان و ئۆکرانیا وەک کارتی گوشار دژ بە رووسیا بەکاربهێنێ، بەوهۆیەشەوە بنکەو پێگەی سەربازی خۆیشی لە هەنگاریاو چیکدا دابمەزرێنێ. هەڵبەت ورچە نووستووەکە ئەمە پەسند ناکات و رووبەڕووی دەبێتەوە، ئەویش دەتوانێ کۆمەکی ئێران بکات و پێوەندی پتەو لەگەڵ سین دروست بکات و گەشەی پێبدات، بە تایبەتیش کە هەریەکە لە ئێران و سین وەک دوو رکابەری هەنووکەیی ئەمریکا پێوانەیان بۆ دەکرێ.

لەوەتەی سەرەداوی شەری ساردی نێوان ئەمریکا و رووسیا بەدیار کەوتووە، گریمانێک لەبەر دەرگەی دیوەخانی کورد قیت راوەستاوەو دەپرسێ: 'ئایا ئەمجارەیان کورد دەتوانێ سوود لە ناوکۆکی نێوان ئەمریکاو رووسیا وەربگرێ؟؟!'

بەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، دەبینین کە هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر بووە، چونکە نێوەندی کوردستان بە هێڵی سنووری قەفقازەوە گرێدراوە، ئەم هێڵەش بۆ وڵاتانی سەرمایەداری بە تایبەتیش بۆ بەریتانیا و فەرەنسا زۆر گرینگ بوو. کاتێک ئەوانیش لە مستەفا کەمال دڵنیابوون، ئیدی بێباکانە هاوکاریان دەگەڵ دا کردوو وڵاتی تورکیایان بۆ دامەزراند، هەرچەندە پێشتر بڕیار لە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی درابوو، بەڵام کاتێک بینیان کە مستەفا کەمال لە هاوکێشەی ئەواندا یاری دەکات، پشتیوانیان لێکرد، ئەویش زۆر بە توندی دژایەتیی پەیمانی سیڤەری دەکرد، لێزانانە یاریەکی لەگەڵ هاوپەیمانان درێژە پێداو پەیمانی سیڤەری بە لۆزان گۆڕی و گرەوی خۆی لە هەمووان بردەوە.

دوای کۆتای هاتنی دووەمین شەری جیهان، ئەمریکا وەک ئەکتەرێکی باڵا هاتە نێو یاری جیهانیەوە، بەو شێوەیەش شەری سارد لە نێوان هەردوو جەمسەری بەناو سۆسیالیستی و سەرمایەداری دەستی پێکردو نزیکەی نیو سەدە درێژەی کێشا، سەرەنجام رووسیا دۆڕاو ئەمریکا بە سەرکەوتوو ناسێندرا.

ئەمریکاو ئەوروپا تا ساڵی ١٩٩٠ لەگەل یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستی لە رکابەری دابوون، بۆ بەرگری و پاراستنی بەرژەوەندییە کانیان، وڵاتی تورکیایان لە پەیمانی ناتۆ وەرگرت، بێگومان لەو وەرگرتنەشدا هەڵکەوتەی ستراتیژ ی تورکیا پێوانەی بۆ کرابوو .

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ، وڵاتانی دەوروبەری بە سەربەخۆیی گەیشتن و هێندێکیان لە پەیمانی ناتۆو یەکیەتی ئەوروپا جێگەیان کرایەوە. ئیستا کە ئەگەری بە ئەندامبوونی گورجستان لە ناتۆ لە ئارادایە، رووسیای هەراسان کردووە، چونکە هەڵکەوتەی وڵاتی گورجستان بۆ ئەمریکا لەبواری ئابووری و سەربایەوە شوویێنێکی ستراتیژی زۆر گرنگە. بەوهۆیەشەوە ئەمریکا پشتیوانی لێدەکات و دەیەوێ سەروەری و پێگەی بۆ دابین بکات، بەڵام ئەمەش بە سوک و هاسانی تەواو نابێ، چونکە کێشەو گرفتی نەتەوەیی لە نێو گورجستاندا هەیە، تەنانەت گورج و مێرگل کە یەک نەتەوەن، لەگەڵ یەکدیدا تەبا نین، ئەمە وێڕای هەبوونی ئەپخازی و رووسی و نەتەوەی دیکە.

ئەگەر گورجستان بکەوێتە باوەشی ئەمریکا، لەوانەیە پێگەی تورکیا بەرەو لەرزۆکی بڕوات، هەر بۆیەش گریمانی ئەوە لە ئارادایە کە ئەگەر گورجستانی کریستاینی جێگەی تورکیای ئیسلامی لەنێو بازنەو هاوکێشەکانی ئەمریکادا بگرێتەوە. ئەگەر ئەمەش رووبدات ئیدی چانسی کورد بەرەو هەوراز هەڵدەکشێ. لەوەتەی بولگارستان لە یەکێتی ئەوروپا وەرگیراوە، تورکیا زۆر شێلگیرانە هەوڵی بە ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا دەدات، ئەگەر گورجستانیش بخزێتە باوەشی ئەمریکاوە، ئیدی تورکیا هەنسای تەنگتر دەبێتەوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە دەیەوێ زیاتر خۆی لە وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتیش لە ئەڵمانیا و بەریتانیا نزیک بکاتەوە.

گورجستان لەسەر دەریای رەش هەڵکەوتووە؛ بەو هۆیەشەوە ئەمریکا دەتوانێ لە بواری ئابوورییەوە سودی زۆری لێ وەربگرێ، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی نەوت و گازی روسیا لە رێگەی گورجستانەوە بۆ وڵاتانی جیهان دەگوێزرێتەوە، ئەویش دەیەوێ پێگەی خۆی لەنێو گورجستاندا بە هێز بکاتەوە. لەو روانگەیەشەوە پشتیوانی لە هەرێمی ئۆسیتای باشوور واتە ئەپخازیا دەکات. بوونی هەرێمی ئۆسیتای سەربەخۆ لەبەرژەوەندی ستراتیژی و سیاسی و ئابووریەکانی روسیا دایە. هەر بۆیەش بینیمان کە رووسیا زۆر راشکاوانە پشتیوانی لە هەرێمی ئۆسیتای باشوور کردو سوپای گورجستانی راونا. ئەگەر گورجستان لەو شەرەدا سەرکەوتوو بوایە، لەوانەیە بە ئاسانی لە پەیمانی ناتۆ وەردەگیرا، ئەو کاتە بایەخی تورکیا کەمتر دەبۆوەو دەرفەتێکی باش بۆ باکووری کوردستان دەرەخسا؛ لە وەدەست هێنانی

کاروان نەبیل

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com